# هەواڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری , سۆسیالستی , جەماوەری جیهانی

عەلی مەحمود

ملیاردێرەکانی جیهان

–لە جیهاندا **64** ملیاردێر ساڵی پار**2004** چووە سەر ململیاردێرەکانی دیکە , سەروەتی گشتیی ملیاردێرەکان جیهان کە ژمارەیان **587** کەسە خاوەندی **1,9** ترلیۆن دۆلارن , لە ڕوسیا پارساڵ **8** ملیاردێر زیادی کرد , ژمارەی ملیاردێرەکانی ئێستا گەیشتۆتە **25**کەس.

مالیزیا

–بەهۆی بڕیاری دیپۆرتکردنەوەوە کە **800000** کرێکاری بێگانەی دەگرتەوە لە مالیزییا , ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانە خۆیان شاردەوە کە دەبوایە وولات بەجێ بهێڵن , حکومەت هێزێکی گەورەی بۆ دۆزینەوەیان خستە گەڕ , کە لە **300000** خۆبەخش و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و بەرپرسانی کۆچ پێك هاتبوو , سەرجەمییان بەشدارییان لەو هەڵمەتە کرد .



ئۆرۆگوای

–تاباری فاسکوێز **65** ساڵانە لە وولاتی بزووتنەوەی تۆبامارۆس یەکەم سەرۆکی چەپە دەبێتە سەرۆکی ئەو وولاتە , هەموو سەرکردە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین , شافیزی فەنزویلا و لۆلای بەرازیل و کیرنیشەری ئەرجەنتین و سەرۆکی شیلی و بڕیار وابوو کاسترۆش بەشدار بکات لەو مەراسیمە بەڵام لە دوا چرکەدا بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی بەشداری بکات . سەرباری بەشداری سەرۆکانی بۆلیڤیا و پاراگوای .

ل **175** ساڵی ڕابردودا ئەمە یەکەم سەرۆکی چەپە لەم وولاتە .

لە ساڵی **2002** ەوە کوباو ئۆرۆگوای پەیوەندی دیپلۆماتییان نەماوە , بەڵام دووەم ڕۆژی دەسەڵاتی سۆسیالستەکان یەکەم بڕیاری گەڕانەوەی پەیوەندی دیپلۆماتیك بوو لەگەڵ کوبا .







ئیتالیا

–پاش کوشتنی ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئیتالی بەناوی کالیباری لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە, دوژمنایەتی ئەمەریکا لە ناو ئیتالییەکان لە بەرزبونەوەدایە , ناو براو یاوەری سجرینای دەکرد لە کاتی گەڕانەوەی دا پاش ئازادکردنی ,لەمەراسیمی بە خاک سپاردنی سەرۆک و سەرۆک وەزیران بەشدارییان کرد , ئەمەو مەڕاسیمێکی گەورە بە بەشداری 10000 بۆ قوربانییەکە ڕێکخرا , ئیتالییەکان دەڵێن سجرینا بەهۆی کارکردنی لە ڕۆژنامەی مانفیستۆی کۆمۆنیستۆوە کەوتۆتە بەر هێرشی ئەمەریکیەکان کە هەڵوێستی دژایەتی شەڕی عێراقییان هەبوو.



هیندستان

–بەرەی چەپی دەسەڵاتدار لە بەنگالی ڕۆژئاوا لە یاریگای ڕایندەر سارفۆ لە باشوری کەلکەتا لە بەرواری 5 ئازار دا پێشوازی پاڵەوانانە لە شافێز دەکەن . هاوکات ملوێنان کەس لە 6–3 لە ناو شاری کەلکەتا پێشوازی لە شافێز دەکەن , لە ئێستاوە بانگەواواز بڵاو کرایەوە بۆ بەشداری لە پێشوازییەکە , لە هەمان ڕۆژدا شافێز نوێنەری پارتەکان و حکومەتی کۆمۆنیستی بەنگال دەبینێت .

هیندستان و پاکستان

– وەفدێکی چەپەکانی هیندستان کە 5 ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی مارکسی هیندی و پارتی کۆمۆنیست و لایەنەکان کە پێك هاتووە سەردانی پاکستان دەکەن , پارتی کۆمۆیستی پاکستان و پارتی جەماوەر و پارتی کرێکاران پێشوازییان لێ دەکەن . وەفدەکە لە 1–3 سەردانی موشەرشەف و سەرۆک وەزیران دەکەن , ئەمەو لە زۆر شار چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی ئەنجامە دەن .

پارتی کۆمۆنیستی پاکستان پارتێکی بچووکە بەڵام بەسەر سانديکای هێڵی شەمەندەفەردا باڵادەستە , سەربارى بەهێزی لە ناو یەکێتی نوسەران . ئەوەی شایانی باسە تەنها ترۆتسکییەکان یەك نوێنەرییان لە پەرلەماندا هەیە .



کوەیت

–70٪ کوەیتییەکان لەگەڵ مافی سیاسی ژناندان لە کۆمەڵدا , بەڵام ئیسلامییەکان هانا بۆ ناوچە خێڵەکییەکان دەبەن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم بۆچونە سیاسییە , ئەوان دروشمی نا بۆ بەشداری سیاسی ژنانیان بەرز کردۆتەوە .

مۆڵدافیا

– هەڵبژاردن لە بەرواری 6–3 لە مەڵدۆڤیا ئەنجامدرا , پارتی کۆمۆنیست لە هەڵبژاردنی پێشوو ڕوسیا پشتیوانی لێدەکرد , کەچی کۆمۆنیستەکان لێیان هەڵگەڕاونەتەوە ,100 ڕوسی کە ویستییان وەك چاودێر بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ماڵدۆڤیا بکەن بەڵام حکومەتی مەڵدۆڤیا نەیهێشت بێنە ناو وولاتەوە , پارتی کۆمۆنیست49,9٪ دەنگەکان و خاوەندی 71 کورسی پەرلەمان بوو لە کۆی 110 کورسی پەرلەمانی ئەو وولاتە لە خولی پێشووی پەرلەمان .

2,3 ملیۆن دەنگدەر بڕیار وایە لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن . 9 پارت و 2 هاوبەندی و 12 پاڵێوراوی سەربەخۆ کە خۆیان لە 1123 پاڵێوراو دەبیننەوە بەشداری کێبڕکێکە بوون .

لەم هەڵبژاردنەدا پارتی کۆمۆنیست 46٪ دەنگەکان و 57 کورسی پەرلەمان و بلۆکی دیموکراتی مۆڵدافیا 28,4٪ لایەنگرانی ڕۆمانیا 9٪ دەنگەکانییان بەدەست هێناوە . پارتی کۆمۆنیست بڕیاری دا لەسەر سیاسەتە ئابوری و سیاسییەکانی پێشووی بەردەوام بێت , خەبات بکات بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە , ئەمەش یەکەم پارتی کۆمۆنیستە لە وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو لە بری هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ڕوسیا دەیەوێت بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە .

لە ساڵی 2001 ەوە کە کۆمۆنیستەکان گەیشتنەوە بە دەسەلات, بەرهەمی پیشەسازی 200٪ و کشت و کاڵ 150٪ و مانگانەی خانەنشینی 200٪ و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بودجەی پەروەردە 250٪ چۆتە سەر . کۆمۆنیستەکان کار و کرێ و دادپەروەری و چونە ناو یەکێتی ئەوروپا ئامانجیانە .






ئەفریقا

–90 ملیۆن ئەفریقی ئەگەری توش بوونییان هەیە لە ئایندەدا بە نەخۆشی ئایدز , ئێستا 25 ملیۆن ئەفریقی نەخۆشن بەو ڤایرۆسە .

ئایدز یەکێکە لە ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەی وولاتە ئەفریقیەکان .

–پەلامار بۆ سەر ئافرەتان تاکتیکی میلشیاکانە لە ئەفریقا بۆ شکاندنی وورەی ڕەقیبەکانییان , لە لیبریا و سیرالیۆن و کۆنگۆو کۆت دیڤوار گروپە چەکدارەکان پەیڕەو لەم تاکتیکە دەکەن بۆ بەزەوی دادانی نەیارانییان .




ئوستراليا

–کۆمپانیای فڕۆکەوانی کنتاسی ئوسترالی 3000 کارمەندی خۆی دەرەکات لە داهاتودا , لە کۆی گشتی 30000 کارمەند کە هەیەتی .

شافێز

–شافێز لە هیندستانەوە ڕای گەیاند نرخی 36–37 دۆلار بۆ بەرمیلی نەوت زۆر ئاساییە , سەردەمی نەوتی هەرزان وەل بوو , ئەمەش بانگەوازێکی مەتریسدار بوو بۆ وولاتە کڕیارەکانی نەوت .



هۆلەند

–لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە مەملەکەتی هۆلەند , حکومەتی ڕاستڕەوی دەسەلاتدار بڕیاری دا 7000 سەرباز وەرگرێت , تا ژمارەی بێکارەکان کەم بێتەوە .

هیندستان

– لە هیندستان لە لادێکانی ئەندرابرادیشی باشوری وولات ماوییەکان 8 لادێییان کوشت , لە هیندستان ململانێی خوێناوی لە نێوان جوتیارە هەژارەکان و ئاغاکاندا هەیە , دەولەت لایەنگری لە ئاغاکان و ماوییەکان لایەنگری لە مەنبوزەکان و جوتیارە هەژارەکان دەکەن .

ماوییەکان لە ولایەتەکانی بەنغالی خۆرئاواو ئۆریسا و بیهار و جارخاند و شاتیسکار و ئەندیرا برادیش چالاکن .

بەحرێن

–ڕێژەی بێکاری لە مەملەکەتی بەحرێن گەیشتۆتە 15٪ , لە بەرواری 5–3 لە ڕۆژهەلاتی مەنامەی پایتەختی بەحرێن 3000 بێکار خۆپیشاندانییان سازکرد , بە سەرپەرشتی کۆمیتەی بێکاران لە بەحرێن , دروشمی خۆپیشاندانەکە بریتی بوو لە گەل لە نەبونیدا دەژێت .



هەژاری منالان

–هەژاری هەڕەشە لە 45 ملیۆن منداڵ کات لە وولاتە دەوڵەمەندەکان , مەکسیک 27,5٪ , ئەمەریکا 21,6٪ ئەو مناڵانەیان بەرە کەوێت . وولاتانی ئەسکەندەنافیا تەنها 0,5٪ ئەو ژمارەیەیان بەرە کەوێت, وولاتانی ئەسکەندەنافیا 10٪ داهات بۆ پشتگیری بیمەی کۆمەلایەتی تەرخانە کەن .




نوال سەعداوی و ئەزهەر

–ناوەندە سیاسی و ئەدەبییەکانی میسری دیسانەوە بووە گۆڕەپانی ململانێی سەعداوی لەگەڵ مەلاکانی ئەزهەر . ئەمجارەیان ڕۆمانی ڕیوایە ئەو گۆبەندەی نایەوە و ئەزهەر داوای یاساغکردنی دەکات , گوایە لەو ڕۆمانەدا ئیستفزازی ئاین و ڕەوشت و داب و نەرێتی گشتی کراوە .

میسر

–ئیخوانەکانی میسر پشتگیری لە هەڵبژاردنی حوسنی موبارەك دەکەن بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری , ئەوەی شایانی باسە ئیخوانەکان کە بە دایکی ئیخوانەکانی جیهان ناو زەد دەکرێن , لە مێژووی خۆیاندا زۆر هەڵوێستی هەلپەرستانەی وایان هەبووە لە سەردەمی فوئاد پاشاوە بۆ ئێستا . لە بەرامبەردا ڕەفعەت سەعید نوسەری ناسراوی مارکسیستی میسری یەکێکە لە کاندیدەکان سەرۆکایەتی , لە پاڵ سەعداوی و سەرۆکی پارتی وەفد د.حەسەن جومعە و ئەگەری ئەوەش هەیە ڕۆژنامەوان و نوسەری ناسراوی مسری محەمەد حەسەن هەیکەلیش تێکەڵ بەو کێبڕکێیە بێت . بەلام ئەگەر بۆ کاندید کردنی پالێوراوێك 20٪ دەنگی مەجلس شەعب پێویست بێت کە 97٪ لە پارتی دەسەلاتە ئەو کات پالاوتنەکە بەرەو شکست بەرەو ڕو دەبێتەوە .

پۆلیڤیا

–سەرۆکی پۆلیفیا کارلۆس میسا , کە ڕۆژنامەنوسێکی تەلەفزیۆنی ناسراویشە, دەستی لەکار کێشایەوە , پاش ئەو ناڕەزایەتییانەی بەرەو ڕوی بوەوە ,هەرچەندە خاوەند جەماوەرێکی زۆرە , بەلام ئەندامانی پەرلەمان نەیارین , چونکە هێزە کۆنەپارێزەکان بەسەر پەرلەماندا زاڵن . ناوبراو تەنها17 مانگە لەسەر حوکمە 8 وەزیری پێشووی گۆڕی لە ناوییان 3 ژنی دانا . لە ماوەی 17 مانگدا ئەمە دووەم سەرۆکە دەرە کرێت لەسەر کورسی دەسەلاتدارییەتی لەم وولاتەهەژارە , سەرۆکی پێشوو چاوەڕوانی دادگا دەکات لە بەرامبەر تەقەکردن لە خۆپیشاندەران کوشتنی زیاتر لە 50 خۆپیشاندەر , بەلام ئەمیان نایەوێت بگات بەو ڕۆژە زوو تێی دەقوچێنێت . یەکێك لە کێشەکانی پۆلیڤیا داوای ئۆتۆنۆمی ولایەتی سانتاکرۆسە کە 33٪ داهاتی وولات لەو هەرێمە بەرهەمە هێنرێت .










ئەفغانستان

–حەبیبە سورابی وەزیری  کاروباری ژنان بوو لە کابینەی پێشووی کارزای کرا بە حاکمی ولایەتی بامییان , ئەمەش یەکەم جارە ژنێك لەو وولآتە بەو پۆستە بگات .




سعودیە

–لە سعودییە دەنگ کڕین بووە دیاردەی باو بۆ هەڵبژاردنەکان شارەوانی , ئەمە یەکەم جارە لەو وولآتە هەڵبژاردن ئەنجامەدرێت , دەنگێك 1000ڕیاڵ و یاخچاڵێك دەکات , دەبێت بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی چەند فەردە بکات ؟ .

یابان

–ڕۆژانی 28–2 و 1–3 ی ئەمساڵ 7 یابانی خۆیان لەناو ئۆتۆمۆبێلەکانییان بە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن خنکاند .لە یاباندا ئەمە ڕێگایەکی باوە بۆ کاری خۆکوژی . تەمەنی قوربانییەکان لە نێوان 20–35 ساڵ بوو . لە مانگی ئۆکتۆبەری پارساڵەوە 55 کەس بەو شێوەیە خۆیان کوشتووە . ساڵی 2003 کە قەیرانی ئابوری گەیشتبوە ترۆپك 34000کەس خۆیان کوشت . خۆکوژی دیاردەیەکی باوە لە کۆمەڵی یابانییداو ڕێژەی لە پێشەوەی جیهاندایە .



پاكستان

–به گوێرەی ئاماری فەرمی **3,5**ملیۆن منالٚ كارەكات , بەلاٚم بە گوێرەی ئاماری نا فەرمی **10** ملیۆن منالٚ كارە كات . ئەوانەی كارەكەن **87**٪ نەخوێندەوارن , **29**٪ لە كەرتی كشتوكالٚدا كارەكەن .



بەرازیل

–ئابوری بەرازیل پارسالٚ بەرزترین ڕێژەی گەشەكردنی هەبوو لە **10** سالٚی ڕابردودا , ڕێژەی گەشەكردنی گەیشتە **2,5**٪ , سەرمایەگوزاری **100**٪ و كرێی هەقدەست **1,5**٪ زیادییان كرد , لە **10** سالٚی ڕابردوودا ڕێژەی گەشەكردن **2,4**٪ ە .

–لۆلا كە گەیشتە دەسەلاٚت بڕیاری دابوو زەوی بدات بە **430000** خێزان لە ماوەی **4** سالٚدا , بەلاٚم تا ئێستا تەنها **110** خێزان زەوییان وەرگرتووە , بڕیار وایە ئەمسالٚ**40000** خێزان زەوی وەرگرن .

فەرەنسا

–**48**٪ فەرەنسییەكان لەگەلٚ ئەوەدان سەرۆكێكی ژن فەرمانڕەوایی وولاٚتەكەیان بكات , **37**٪ ئەگەر هەیە دەنگی بۆ بدەن كە دودلٚن , لە بەرەی ڕاستدا **15**٪ و لە بەرەی چەپدا **8**٪ دژن .

ئەفغانستان

–له قەندەهار دوو شەممە دژ بە گەندەڵی خۆپیشاندان ساز کرا , هاوکات پشتگیری خۆیان بۆ تاڵبان دەربڕی .



تورکیا

–پێکدادانەکانی ئەستەمبوڵ کە ژنان و چەپەکان 6–3 ئەنجامییان دا , لە ئەنجامدا پۆلیس هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران بە گازی فرمێسک ڕشێن , ژمارەیەك ژنی گرت و ژمارەیەکی کەش بریندار بوون , لە بەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا ئیدانەی ئەو کردارەی کرد , هاوکات ئۆل ڕین بەرپرسی فایلی فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپایە ووتی ئەم کردەوانە باش نییە بۆ تورکیا .




---

چەند وێنەیەك




2005© Mercantile Communications Pvt. Ltd.


अपाङ्गहरुका
मानव अधिकारको
संरक्षण गरौं
द्वन्द्वको अन्त्य
गरौं
समान
अधिकारका लागि
अघि बढौं
2005© Mercantile Communications Pvt. Ltd.